Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090414

# ناوی ئامێر لەشیعری کوردیدا

عاطف عەبدوڵلا فەرهادی

بەشی کوردی// کۆلێژی زمان// زانکۆی سەڵاحەدین

**پوختە**

ناو لە زمانی کوردیدا، وەك هەموو زمانەکانی دیکە بەشێکی گرنگ لە بەشەکانی ئاخاوتن پێکدەهێنێت، دەکرێ بەچەند شێوە و لەچەند ڕوییێکەوە ناو بەسەر چەند جۆرێك دابەشبکرێت، وەك: ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لەڕووی هەبوونەوە، لەڕووی ڕۆنانەوە، لەڕووی ڕەگەزەوە، ...هتد. ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین (ناوی ئامێر)ە، کە ناوێکی بەرجەستەیە و لەو کەرەستە و ئامێرانە دەنرێت کە مرۆڤ لەکاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەکاریان دەهێنن، هەندێك لە توێژەران ناوی کەرەستە(اداة) یان لە ناوی ئامێر(الة)یان جیاکردوەتەوە، بەوەی ناوی کەرەستە بەو شتانە دەگوترێت کە بەشێك لە ئامێرێك پێکدەهێنن و ناوی ئامێریش بەو شتانە دەگوترێت کە لە کۆمەڵە کەرەستەیەك پێکدێت و لەبوارێکی تایبەتدا لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێندرێت، بۆ نموونە: (مۆبایل) ناوی ئامێرێکە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێندرێت کە لە چەندین کەرەستەی جیاواز پێکهاتووە، وەك: شاشە، سەماعە، پاتری، ...هتد.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە بەناونیشانی (ناوی ئامێر لە شیعری کوردیدا)یە، ناوی کەرەستە و ئامێرمان بەیەکەوە لەژێرناوی (ناوی ئامێر) بەکارهێناوە، چونکە کە گوتت ئامێر خۆی لەخۆیدا ئەو کەرەستانەش دەگرێتەوە کە لێی پیکهاتووە. لەم لێکۆڵینەوەیدا باسمان لە ناوی ئامێر و جۆرەکانی و ناوی هەندێ لە و ئامێرانەی وەك خۆی یان بەدەستکارییەوە لە زمانانی بێگانە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی کردووە، هەروەها بەشیوەیەکی گشتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕۆشناییمان خستووەتە سەر ناوی ئامێر  لای شاعیرانی کورد بەتایبەت شاعیرانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، شیعری چەند شاعیرێکمان بەنموونە هێناوەتەوە، وەك: (نالی، وەفایی، قانع، پیرەمێرد، گۆران و هێمن).

*Article Info*

Received:  September , 2022
Accepted : November  ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

ناو، ناوی ئامیر، شیعر، چەك، مۆسیقا، خشڵ، کشتوکاڵ

*Corresponding Author*

atif.farhad@su.edu.krd

**پێشەکی:** ناونیشان و سنوری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ناوی ئامێر لە شیعری کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ رۆشنایی خستنە سەر ناوی ئامێر لەزمانی کوردی و بەتایبەت رەنگدانەوەی لای شاعیرانی کورد، کە لە زۆر شیعردا ئاماژەیان بەو ئامێرانە کردووە کە لەو سەردەم هەبووینە و لەگەڵ شیعرەکانیان تێکەڵیان کردوونە و لە وەسفکردنی یار و نەبەردییەکان و ...هتد، بەکاریان هێناون. سنوری لێکۆڵینەوەکە ئاستی وشەسازی دەگرێتەوە .

ئێمە چەند شاعیرێکمان هەڵبژاردووە و شیعرەکانیانمان بە نموونە وەرگرتووە کە هەستمان کردووە زیاتر لە شاعیرانی تر ئەو ناوانەیان بەکارهێناوە کە تایبەتن بە کەرەستە و ئامێری جۆراوجۆر.

ئامانج و گرنگی لێکۆڵینەوەکە: ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا رۆشنایی خستنە سەر ناوی ئامێرە لە زمانی کوردیدا، چونکە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ژمارەیەکی زۆر لە ئامێر و کەلوپەل رۆژانە بەکاردەهێنین و بەردەوام ئامێری نوێ دروستدەکرێن و لەبوارە جیاجیاکانی ژیان سوودیان لێدەبینین، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی وامان نەبینیوە لە زمانی کوردیدا کە تایبەت بێت بە ناوی ئامێر، بەڵکو لە سەرچاوە کوردییەکان لەگەڵ ناو و جۆرەکانی ناو باسی لێکراوە، هەروەها بۆیە شیعرمان وەرگرتووە، چونکە لە شیعردا ئامێرەکان بێجگە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەیان زۆر جار وەك خوازەش بەکارهاتوون، واتە دەکرێ ناوی ئامێر لە بەکارهێنانە ئاساییەکەی خۆی کە رۆژانە خەڵکی لە قسەی ئاساییدا بەکاریان دەهێنن بخوازرێن و لە چوارچێوەی میتافۆرِدا واتای تر ببەخشن، ئەمەش زۆر بەجوانی لای شاعیران بەرچاو دەکەوێت.

رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا رێبازی (وەسفی شیکاری )مان بەکارهێناوە و شیعرەکانمان پێ شیکردووەتەوە و واتا و جۆری ناوەکانمان دەستنیشانکردووە.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دووبەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم/ بە ناونیشانی (ناو و ناوی ئامێر و جۆرەکانی)یە .کە لەم بەشەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی ناو دەکرێ لە رووی پێناسە و تایبەتییەکانی وشەسازی ناو و جۆرەکانی ، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی باس لە پێناسە و جۆرەکانی لە رووی رۆنان و ناوەرۆک و تایبەتییەکانی ناوی ئامێر و وەرگرتنی ناوی ئامێر لە زمانی بێگانەوە دەکرێ.

بەشی دووەم/ ئەم بەشە بەشێکی پراکتیکیە کە بە ناونیشانی( ناوی ئامێر لە شیعری کوردیدا )یە .

**بەشی یەکەم/ ناو و ناوی ئامێر و جۆرەکانی:**

بەشەکانی ئاخاوتن ئەو مۆرفیمانەن کە بەشداری لە پێکهێنانی ڕستەدا دەکەن. سەرەتای پۆلینکردنی ئەم بەشانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانەکان دوای ئەوانیش رۆمانەکان هەمان پۆلینیان بە دەستکارییەوە بۆ زمانی لاتینی کرد، لەم پۆلینەدا بەبەشەکانی ئاخاوتن دەگوترا بەشەکانی وشە . لە زمانی کوردیدا بە هەمان شێوە زمانەوانان هەندێکیان بە کاریگەری زمانی ئینگلیزی هەشت بەشی ئاخاوتنیان بۆ زمانەکە داناوە کۆمەڵێکی تری زمانەوانیش لە ژێر کاریگەری زمانی رووسی دا دوو بەشی وەك (پارتیکل و ژمارە)یان خستۆتە سەر بووە بە دە بەش.((ناو، راناو، ئاوەڵناو، چاوگ، کار، ئاوەڵکار، ئامرازی پەیوەندی، سەرسورمان و بانگکردن). رێزمانی هەر زمانێك بەبەشەکانی ئاخاوتن دەست پێدەکات، چونکە بەشەکانی ئاخاوتن وەك شتێکی هاوبەش وایە لە زۆربەی زماناندا (مارف، 1979، 8-10.(

-ناو

ناو وەک بەشێکی سەرەکی و گرنگی ئاخاوتن ( ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێ گیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکات)(هەمان سەرچاوە، 93)، وەك: دۆڵ، بەفر، بەرخ، کورد، پیری، برنج، ...هتد.

ناو وەکو بە شێك لە بەشەکانی ئاخاوتن کۆمەڵێك گیرەك وەردەگرێ، چونکە ناو لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ئەو وشانەن کە گیرەکەکان وەردەگرن(دارشتن و رێزمانی).

1-گیرەکی رێزمانیەکانی ناو/

گیرەکی رێزمانی لە کوردیدا کە دەچنە سەر ناو لەم شێوانەدا دەبینرێن: (گیرەکی ناسیاوی، نەناسیاوی، کۆ، خاوەنێتی)

أ- گیرەکی ناسیاوی: (ەکە)

-2 ئەگەر ناوەکە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێ ئەوا یەکسەر گیرەکەکە وەردەگرێ، وەك:

کتێب+ ەکە  کتێبەکە

دار+ەکەدارەکە

3 -ئەگەر ناوەکە بە بزوێن (ا، ە، ی، ێ، ۆ) کۆتایی هاتبوو ئەوا گۆڕانی نۆنۆلۆژی روودەدات، وەك:

دەرگا+ ەکە  دەرگایەکە

دێ+ ەکە دێیەکە

دۆ+ەکە دۆیەکە

ماسی +ەکە ماسیەکە

پەنجەرە+ەکە پەنجەرەکە

ب- گیرەکی نەناسیاوی: (ێك)

-ئەگەر ناوەکە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێ ئەوا یەکسەر گیرەکەکە وەردەگرێ، وەك:

کتێب+ ێك کتێبێك

دار+ێكدارێك

ت- ئەگەر ناوەکە بە بزوێن (ا، ە، ی، ێ، ۆ) کۆتایی هاتبوو ئەوا گۆڕانی نۆنۆلۆژی روودەدات، وەك:

دەرگا+ێك دەرگایێك (یەك)

پەنجەرە+ ێك پەنجەرەیێك(یەك)

ت- گیرەکی کۆ:(ان)

-ئەگەر ناوەکە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێ ئەوا یەکسەر گیرەکەکە وەردەگرێ، وەك:

کتێب+ان کتێبان

دار+ان داران

-ئەگەر ناوەکە بە بزوێن (ا، ە، ی، ێ، ۆ) کۆتایی هاتبوو ئەوا گۆڕانی فۆنۆلۆژی روودەدات وەك: برا+ان= برایان

ئەستێرە+ان= ئەستێران

پ- گیرەکی خاوەنێتی: وەك(م،مان/ت،تان/ی،یان)

دەست+م) دەستم، دەستت، دەستی،دەستمان، دەستتان، دەستیان(

پارەم+م ) پارەم ، پارەت، پارەی، پارەمان، پارەتان، پارەیان(

چۆنیەتی ریزبوونی گیرەکەکانی ناو

1-گیرەکی ناسیاوی و نەناسیاوی هەرگیز بەیەکەوە نایێن: *دارێك+ەکە

2-گیرەکی نەناسیاوی و کۆ بە یەکەوە نایێن ئەگەر هاتیش واتای کۆ نادەن بەدەستەوە، بەڵکو واتای هەڵبژاردن دەدات، وەك (جارێکیان ، کەسانێك،...)

3 -ئەگەر گیرەکی ناسیاوی و کۆ بەیەکەوە هاتن ئەوا ناسیاوی پێش کۆ دەکەوێت، وەك:

منداڵ+ەکە+ان منداڵەکان

کوڕ+ەکە+ ان کوڕەکان

1 -گیرەکی داڕشتن هەموو کاتێك پێش گیرەکی ڕێزمانی دێت، وەك:

دار+ستان+ەکە+ان دارستانەکان

باخ+ەوان+ەکە+ان باخەوانەکان

جۆرەکانی ناو:

1 -ناو لە رووی ڕۆنانەوە/ دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

أ- ناوی سادە/ ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لە وشەیەك یان مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتووە و هیچ زیادەیەکی لە گەڵدا نەهاتووە، وەك(دار، برا، کور، کچ، ئاسن....)

ب- ناوی دارێژراو/ ئەوناوانە دەگرێتەوە کە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و زیادەیەك( پێشگریان پاشگر) پێکدێ، وەك( ئاسنگەر، رێگا، دارستان، ئاگردان، چاکە،...)

پ- ناوی لێکدراو/ ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بە لایەنی کەمەوە دەبێ لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار پێك هاتبێ هەندێ جاریش مۆرفیمی پەیوەندی بە شداری دەکات وەك(شاهەنگ، گاسن، ڕەشماڵ، گوڵبەهار، ڕەشەبا، تەڕەپیاز، گوڵەگەنم..)

2 -ناو لەڕووی ناوەرۆکەوە/ دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

أ-ناوی تایبەتی/ ئەو ناوەیە کە بۆ گیاندارێك یان بێگیانێکی دیاریکراو بەکاردێت، ناوی تایبەتی لە گشت زمانەکانی جیهاندا بە شی هەرە زۆری ناوەکانی مرۆڤە ئەم تایبەتییە لە زمانی کوردیشدا بەر چاو دەکەوێت، وەك(نەسرین، جوان، پەخشان، کاوە ، ئازاد...)هەروەها ناوی تایبەتی دەتوانێت ناوی چیاو شار و دێ و ڕوباریش بێت، وەك(ڕوباری سیروان، چیای سەفین، هەولێر، کەرکوك...)

ب- ناوی گشتی/ بەوناوانە دەگوترێت کە بۆ گیاندارو بێ گیان و بیرو کارای خاوەن یەك ڕەگەز بەکاردێت، وەك(منداڵ، دار، رووبار، کوڕ، قوتابی،...) هەندێجار ناوی گشتی وەکو ناوی تایبەتی بەکاردەهێنرێت، وەك(ڕوبار، چیا، ئاهەنگ،...).

پ- ناوی کۆمەڵ/ ئەو ناوەیە کە لە ڕواڵەتدا تاك و لە ناوەرۆکدا کۆ پیشان دەدات، وەك( لەشکر، گەل، خێزان، هۆز،.....)

3 -ناو لەڕووی هەبوونەوە/ دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

أ- ناوی بەرجەستە(ماددی)/ ناوی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەر یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت، وەك(زەوی، گەنم، گیا، دار، خانوو).

ب-ناوی واتایی(مەعنەوی)/ ئەم جۆرەیان ناوی شتێکە کە بونی سەربەخۆی نییە ، بەڵکو لە بیرو خەیاڵدا پەیدا دەبێ لە زمانی کوردیدا دووجۆر ناوی واتایی دەستنیشان دەکرێت، لە وانە:

-1 ناوی واتایی بنجی/ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە هەر لە بنچینەدا بۆ واتا دانراون، واتە بە ئامادەکراوی لە زمانەکەدا هەن وەك(شەرم، خەم، ترس، ...)

2-ناوی واتایی دروستکراو/ ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لە وشەیەکی مادی وەرگیراون و بە یارمەتی پاشگر(مۆرفیمی بەندی داڕشتن)دروست دەکرێن، وەك( پیاوەتی، کوردایەتی، جوانی، چاکە،...).

4 -ناو لەڕووی ڕەگەزەوە/ دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

أ- ناوی نێر/ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە تەنیا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت، وەك(باوك، کوڕ، برا، پیاو،...).

ب- ناوی مێ/ ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە تەنیا بۆ رەگەزی مێ بەکاردێت وەك (دایك، خوشك، کچ، ژن،...).

پ- ناوی دوولایەن/ ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێت، وەك (مامۆستا، قوتابی، دوژمن، منداڵ،...).

پ-ناوی بێ لایەن/ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لە بنەرەتدا ڕەگەزی نێرو مێیان نییە وەك(کتێب، خانوو، دار، بەرد، ژوور،...).

-ناوی ئامێر:

-چەمك و پێناسەی ناوی ئامێر:

ناوی ئامێر: یەکێکە لەو جۆرە ناوانەی کە بە ناوی ماددی ناودەبرێت، چونکە ئەوناوانە دەگرێتەوە کە بۆ یەکێک لەو ئامێر و کەلوپەلانەی مرۆڤ لەکاری ڕۆژانەی دا بەکاریان دەهێنێت یان بەکاردێن، ناوی ئامێر لای هەندێ لە توێژەرانی کورد بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە کراوە:

• ڕەفیق محمد شوانی لە کتێبی(ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن) بەم شێوەیە پێناسەی ناوی ئامێردەکات و دەڵێت ((ناوی ئامێر ئەوناوانەن کە لە چاوگەوە وەردەگیرێن وەکو ئامێرێک بۆ جێبەجێکردنی ئیش و کار بەکاردەهێنرێن لەلایەن مرۆڤەوە)) ( شوانی، 2008 ، 135).

-ناوی ئامێر ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بۆ کەلوپەل و ئامێرو ئامرازانە دایناون کە لەکاری ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنێت (عمایرة، 2001، ص 8-10).

نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تری جیهان هەر لەکۆنەوە ناوی لەو ئامێرو کەل و پەل و ئامرازانە ناوە کە لەدەوروبەریدا هەبووە و لەکاری ڕۆژانەدا بەکاریان هێناوە، لەبەرئەوەی گەلی کورد زیاتر سەرقال بووە بەکاری کشتوکاڵ و لەگوند و لادێیەکاندا ژیاوە ناوی لەزۆربەی ئەو ئامێرو ئامرازە کشتوکاڵیانە ناوە کە بۆخۆیان دروستیان کردوون یان لە وڵاتانی تر هێنراونەتە کوردستان بۆ نموونە وەک (داس،جەنجەر،گاسن،مەشکە،کوتەک، ئاش.... هتد)، بەڵام لەگەل پێشکەوتنی بواری پیشەسازی گەلی کورد نەیتوانی وەک پێویست ناوی کوردی بۆ ئەو ئامێرو ئامرازو کەلوپەلە پیشەسازی و کشتوکاڵیانە دابنێت بۆیە زۆرلەوانە وەک خۆی هاتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی یان گۆڕانکاریەکی کەم لەڕووی دەنگسازیەوە بۆنموونە (کۆمپیوتەر،دەڕاسە،تەلەفزیۆن،ڕادیۆ...هتد).

سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لە ناوی ئامێر نەك هەر لە زمانی کوردی بگرە لە زمانانی تری وەك عەرەبیش لەکۆنەوە لەلایەن زمانەوانانەوە گرنگییەکی زۆری پێ نەدراوە وەك بەشەکانی تری زمان، ئەویش بەهۆی سادەیی ئامێرەکانی ژیانی کۆن و کەمی ژمارەیان(الشماع: 2005، 9) .

-جۆرەکانی ناوی ئامێر لەڕووی داڕشتنەوە:

١ -ناوی سادە: ئەو ناوانەن کە لە تاکە وشەیەك پێکدێن و واتایەکی تەواویان هەیە، لەزمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر ناوی ئامێری سادەمان بەرچاو دەکەوێت وەك: شیر، تیر، داس،...هتد.

٢ -ناوی ناسادە: ئەو ناوانەن کە لە ناوێکی سادە و پێشگر یان پاشگر و یان دوو ناوی سادە یا زیاتر پێکهاتوون، دەکرێنە دوو جۆر:

أ- ناوی داڕێژراو : ئەو ناوانەن کە لە وشەیەکی سادە و پێشگر یا پاشگرێك پێکهاتووە، وەك: پێنووس، فڕۆکە، بێژنگ،...هتد.

ب- ناوی لێکدراو: ئەو ناوانەن کە لە دوو وشەی سادە یا زیاتر پێکهاتوون، وەك: باوەشێن، شەکرشکێن، قەڵەمبڕ،...هتد.

3-1 -چۆنیەتی پێکهاتنی ناوی ئامێرو جۆرەکانی:

أ/ ناوی ئامێری داڕێژراو : بەم شێوازانەی خوارەوە دادەڕێژرێت:

یەکەم-: (لەپێشگر و ڕەگی چاوگی تێنەپەڕو تێپەڕەوە ئەم ناوە ئامێرانە بەکاردێن:(شوانی، 2008، 137)).

نموونە:

| چاوگ | پێشگر | ڕەگ | ناوی ئامێری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| خەفتن | پێ | خەف | پێ خەف ( مارف ، ٢٠١٤، ١٧٠) |
| نوسین | پێ | نووس | پێ نووس |

دووەم: (لەڕەگی کاری تێپەڕ وپاشگر) ناوی ئامێر دروست دەکرێ. (هەمان سەرچاوەی پێشو)

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی ئامێری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| کوتان | کوت | ەک | کوتەک |

سێیەم: لەگەڵ ڕەگی کاری تێنەپەڕ پاشگر دەکرێ ناوی ئامێری داڕێژراو دروست بکەین:

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی ئامێری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| فڕین | فڕ | ۆکە | فڕۆکە |

چوارەم: لەڕەگی کاری تێپەڕو تێنەپەڕو پاشگر دەکرێ ناوی ئامێری داڕێژراو دروست بکەین:

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی ئامێری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| (تێپەڕ) ماڵین | ماڵ | ە | ماڵە (ماڵنج)(موکریانی، 1999: 847) |
| (تێنەپەڕ) گیران | گیر | ە | گیرە |

ب/ ناوی ئامێری لێکدراو :

یەکەم: (ئەم ڕێژەیە لە ووشەیەکی واتادار (بەزۆری ناو) لەگەڵ ڕەگی تێپەڕو تێنەپەڕدا بە لادانی نیشانەی چاوگەکەیان وەردەگێرێ) (ڕەفیق شوانی،2008: 138)

بەم شێوانەی خوارەوە دروست دەبێ:

| چاوگ | ناو | ڕەگی چاوگی | ناوی ئامێری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| وەشاندن | با | وەشێن | باوەشێن (هەمان سەرچاوەی پێشوو) |
| شکاندن | شەکر | شکێن | شەکرشکێن |
| بڕین | قەڵەم | بڕ | قەڵەمبڕ |
| بڕێن | نینۆک | بڕ | نینۆکبڕ |
| ماڵین | بەفر | ماڵ | بەفرماڵ |
| هاڕین | دەست | هاڕ | دەستهاڕ (دەستاڕ) |

دووەم: جۆرێکی تری ناوی ئامێری لێکدراو لە ئاوەڵکار و ڕەگی چاوگ پێک دەهێنرێ، جاری واش هەیە بەهۆی ئامرازەوە کە دەچێتە نێوانیان دروست دەبێ (شوانی .2008: 138)

ئاوەڵفرمان + ڕەگی چاوگ□ ناوی ئامێری لێکدراو.

| چاوگ | ئاوەڵفرمان | ڕەگی چاوگ | ناوی ئامێری داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| بینین | دوور | بین | دوربین |
| گیران | لا | گیر+پاشگری ە | لاگیر |
| چنین | بەر | چن+پاشگری ە | بەرچنە (باڵە) |

(موکریانی، 1999: 76)

سێیەم: جۆرێکی تری ناوی ئامێری لێکدراو لە ئاوەڵناو و ڕەگی چاووگ پێک دێت، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئاوەڵناو+ڕەگ □ ناوی ئامێری لێکدراو

| چاوگ | ئاوەڵناو | ڕەگ | ناوی ئامێری لێکدراو |
|---|---|---|---|

گوتن	بڵند	گۆ	بڵند گۆ

ماڵین	ڕەش	ماڵ	ڕەش ماڵ (شوانی .2008: 139)

دەکرێ بۆ ناوی ئامێری لێکدراو جۆرێکی تریش وەربگیرێ کە بریتییە لە دوو ناوی سەربەخۆ واتادار ناوی ئامێری لێکدراوی لێ دروست بکەین، بۆنموونە:

ناو+ناو  ناوی ئامێری لێکدراو:

گا+سن گاسن ( بەهۆی سوانی دەنگی (ئا)  بووە بە گاسن کە لەبواری کشتوکاڵدا بەکاردێت بۆ کێڵانی زەوی)

-جۆرەکانی ناوی ئامێر لە ڕووی ناوەرۆک و بەکارهێنانەوە:

ناوی ئامێر لە ڕووی  ناوەرۆک و بەکارهێناوەوە بەسەر چەند جۆرێ پۆلێن دەکرێن لەوانە:

- ناوی ئامێر ( خشل): ئەو ئامێرو کەرەستانەن کە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت وەکو خشل بۆجوانی بەکاریان دێنی، وەک ( بازن. ملوانکە، خڵخاڵ، هەیاسە ،...هتد).

- ناوی ئامێری مۆسیقا: ئەو ئامێرانە دەگرێتەوە کە لە بواری مۆسیقا بەکاردێن، وەک: (شمشاڵ، نەی، تار، زورنا، عود، کەمان،...هتد)

- ناوی ئامێری چەک: ئەو ئامێرو ئامرازانە دەگرێتەوە کە لەکاتی شەڕ بەکاردەهێنرێت، وەک: (شیر، خەنجەر،تفەنگ، تۆپ، دەمانچە،...هتد).

- ناوی ئامێری کشتوکاڵ: ئەو ئامێر و کەرەستانە دەگرێتەوە کە لە بواری کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێن، وەک:( داس، بێڵ، خاکەناس، شەنە، پێمەڕە،...هتد).

- ناوی ئامێری گواستنەوە: ئەو ئامێرانە دەگرێتەوە کە هۆکارێکی زۆر پێویستە مرۆڤ بەکاری دێنێ لەکاتی گەشت و گواستنەوەی لە شارێکەوە بۆشارێکی تر یان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، وەک: (فڕۆکە، پاپۆڕ،ئۆتۆمۆبیل، گالیسکە،شەمەندەفەر،...هتد).

- ناوی ئامێری کەلوپەلی ماڵەوە: ئەو ئامێرو کەرەستانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ ڕۆژانە بەکاریان دێنێ بۆ ئیشوکاری ماڵەوە، وەک: ( کتلی،زۆپا، بەفرگر، تەباخ، پانکە، سەماوەر،...هتد).

3-1 -تایبەتیەکانی ناوی ئامێر لە ڕووی وشەوە :

ناوی ئامێر ئەم تایبەتیانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

1- هەندێ ناوی ئامێر هەن دەشێن ببنە زاراوە.

2- ناوی ئامێر وەکو ناوێکی ئاسایی کۆدەکرێتەوە و نیشانەی (ان)ی کۆ وەردەگرێت وەکو: ڕەشماڵان، بلندگۆیان، پێ پۆشان، گۆچانان، شمشاڵان، پەستەکان(

3- نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێ کە تایبەتێتی ناوە وەک: بڵندگۆیەکە ، بڵند گۆیەک، بەفرگرەکە، بەفرگرێك... هتد.

4- شێوەی ئیدیەم ناگرێتە خۆی چونکە شێوە لێکدراوەکەی لە واتاکەی خۆی دوورناکەوێتەوە کە دەبێتە لێکدراو.

5- وەکو ناوی ئاسایی لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ڕستەدا وەکو ناوی ئاسایی نییە، چونکە ناوی ئامێر کارێکی پێدەکرێ یا هۆیەکە بۆ جێبەجێکردن لەشێوەی ناوی بکەردا.

6- شێوە لێکدراویەکەی ناوی ئامێر وەکو (ناوی بکەر)وایە وەک: (بڵندگۆ، باوەشێن، شەکرشکێن) (شوانی،٢٠٠٨، ١٤٠).

)-وەرگرتنی ناوی ئامێر لە زمانی بێگانەوە(

ئەم تەوەرەیە تایبەتکراوە بۆ ناوی ئەو ئامێرانەی کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون ، دەکرێن بە دوو جۆرەوە لەوانە:

ا/ وەرگرتنی ناوی ئامێر و ئامراز لە زمانی بێگانەوە بە بێ دەستکاری .

وەک:(ڕادیۆ، ئینتەرنێت، درێل، کۆمپیوتەر، سماعە، ماسیحە، تەلەفۆن، ویل، جەڕەس، واشەر، مایکرۆسکۆب، ڕادار، مایک، مساحە، غەسالە، بەڕاد، مێکسەر، ...هتد).

ب/ وەرگرتنی ناوی ئامێر لە زمانی بێگانەوە و بەدەستکاریەوە بۆ زمانی کوردی، بۆنموونە :

1- )میوزیک (music– لەزمانی عەرەبیەوەوەرمانگرتووە عەرەب وشەی(موسیقا)ی لەزمانی ئینگلیزیەوە وەریگرتووە کوردیش لەعەرەبەوە و لای کورد بووەتە (مۆسیقا).

2- پڵایەس :pliers -بنەچەی ئەم وشەیە لەزمانی فەڕەنسی هاتووە وە ئینگلیزیش لەزمانی فەرەنسییەوە وەریگرتووە ، ئێمە لە ئینگلیزیەوە وەرمانگرتووە بە گۆڕانکاری دەنگییەوە کە کورد پێی دەڵێت (پلایس).

3- سپانە :spanner -ئەم وشەیە لەزمانی جێرمانی German (languageواتە زمانی ئەڵمانی هاتووە و ئینگلیزیش لە ئەلمانی وەریگرتووە، کوردیش لەزمانی ئینگلیزیەوە وەریگرتووە و پێی دەڵێت(سپانە).

4- کێتڵ :Kettle – ئەم وشەیە دەکرێ لە زمانی ئینگلیزی کۆن(Old English)وەرگیرابێت(چونکە زمانی ئینگلیزی بەسێ قۆناغ تێپەڕیوە) ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزی نوێدا (Modern English) نووسینەکەشی گۆڕاوە و بووەتە (Cetil) ، کوردیش لە زمانی ئینگلیزی وەریگرتووە و پێی دەڵێت (کتری) یان (کەتری) کە لەهەندێ ناوچە پێی دەڵێن (تکری) کە لەهەندێ شوێن پێی دەگوترێت(چایەپەست ، چایپەست یان چاپەست).

5- وۆشە : Washer- بنچینەی ئەم وشەیە لە زمانی (فەرەنسی)یەوە هاتووە و ئینگلیزیش لە زمانی فەڕەنسییەوە وەریانگرتووە و ئێمەی کوردیش لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرمانگرتووە و پێی دەڵێن (واشەر) .

6- ثیمۆس :Thermos - ئەم وشەیەش لە زمانی کوردی پێی دەڵێین (تەرمۆس یان تەرمۆز) هەروەها(ترمز)یشی پیدەگوترێ، لە زمانی گریکییەوە هاتووە و پێشگری (Thermo) بەواتای گەرمی دێت هەروەك لە وشەی (Thermometer) واتە گەرمی پێو. کەواتە ئەم وشەی (تەرمۆزە)ش کورد لەزمانی بێگانە وەریگرتووە.

7- ویل :Wheel - ناوی ئەم ئامرازەش پرۆتۆجێرمانی هاتووەتە ناو زمانی ئینگلیزی و ئێمەی کوردیش لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرمانگرتووە و پێی

دەڵێین (وِیل) کە تایەی لەسەر دەبەسترێت، ئەم وشەیە پێشتر بەم شێوەیە (Hweol)دەنووسرا، بەڵام ئێستا بەم شێوەیە (Wheel) دەنووسرێت.

8- تەیپ : Tappe- ئەم ناوەش لە زمانی ئینگلیزی کۆن وەرگیراوە و بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزیش بەردەوام گۆڕاوە و وشەی نوێی هاتووەتە ناو ، ئەمە بووتە هۆی ئەوەی زۆر جار بەکارهێنانی وشەی (Pronunciation) لەشوینی وشەی (Tappe) و هەروەها لەگەڵ بەسەر چوونی کات شێوەی نووسینی وشەی (Tappe) لە زمانی ئینگلیزی نوێ گۆڕاوە بۆ (Tape) و ئێمەی کوردیش لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرمانگرتووە و پێی دەڵێین (تیپ)یان (تێپ) و لە شێوەزاری دەشتی هەولێریش پێی دەگوترێت (سارغی).

9- تیلیڤژن :télévision – ئەم وشەیەش لە بنچینەدا لەزمانی فەرەنسیەوە هاتووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووتە (تلفزیون)یان (تلفاز) و ئیمەی کوردیش لە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتووە و پێی دەڵێین (تەلەفزیۆن).

10- منشار: لەزمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و گۆڕانی دەنگی بەسەرداهاتووە و بووتە (مشار) یان (موشار).

11- مەشین : Machine - لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و هەندێك گۆڕانی دەنگی بەسەرداهاتووە و بووەتە (مەکینە) (https://www.etymonline.com/).

12- ملعقە: لەزمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و هەندێ گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتووە و بووەتە (مڵاك) یان (مەڵاك) و لەهەندێ ناوچە پێی دەگوترێت (کەوچك) یان (کەچك)(لەشێوەزاری باڵەکایەتی بەکاردێت).

13- کی :Key - ئەم وشەیە ناوی ئامرازێکە لە زمانی ئینگلیزی و کورد لێی وەرگرتوون و لە زمانی کوردی هەندێ گۆڕانی بەسەر داهاتووە و بووەتە (کلیل) /Online Etymology Dictionary) (https://www.etymonline.com/).

14- عربة: ئەم وشەیەش لەزمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و بووەتە (عارەبانە) یان (عەرەبانە).

15- بئر الارتوازیة: لەزمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتووە و کورد پێی دەڵێن (بیری ئیرتیوازی) واتە کەمێك گۆڕانی دەنگی بەسەرداهاتووە.

بەشی دووەم: ناوی ئامێر لە شیعری کوردیدا

شیعر هەستێکی ویژدانییە زۆر دوورترە لەو شتە نهێنیانەی کە بتوانێ باسی بکرێ، چونکە شیعر بیرە، ئەندێشەیە، سۆزو توانایە، وشەی جوانە،خاوەنی کێش و سەروایە، لە هەستی شاعیردا دەردەکەوێ بەهۆی وشەکانەوە لە وێنەیەکی جوانی بەرزدایە، هەر وشەیەک بگرین دەبینین هەڵگری کۆمەڵە واتایەکە، کە بەدرێژایی ڕۆژگار هەڵیگرتون و شاعیریش دەسەڵات و توانای خۆی لەبەکارهێنانی بۆ ئەو مەبەست و واتایە دەیهێنێ ولە دێری شیعر بەکاری دێنێ .ناوی ئامێریش یەکێکە لە جۆرەکانی وشە کە لە شیعری کوردیدا زۆر بەکارهاتووە. بۆیە ئەم بەشە تایبەتە بە ناوی ئەو ئامێر و ئامرازانەی کە شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیاندا بەکاریانهێناون، لەبەر زۆری شاعیرانی کورد و و زۆری شیعرەکانیان، ئێمە تەنیا چەند شاعیرێکمان وەرگرتووە، وەك:(نالی، قانع، وەفایی،گۆران و هێمن) کە لە شیعرەکانیاندا ناوی هەندێ ئامێر و ئامرازیان بەکارهێناوە یان ئاماژەیان پێکردووە، هەروەها بەپێی ئەلف و بێ نموونەکانمان هێناوەتەوە، گەر لە شیعرێکدا زیاتر لە ئامێرێکی تێدا بەکارهێندرابێت پیتی یەکەمی یەکەم ئامێرمان بۆ ریزبەندییەکە هەژمار کردووە.

• ناوی ئامێری سەربازی (چەک) لە شیعری کوردیدا:

- قەزای هێزی لەشی جوتـیاری مانوو
لەدووسەد بۆمب و تانك و تۆپی شاران
ئەمانە خزمەتن ! نەك کوشتن و جەنگ
هەزار لەحنەت لە کوشـتار و لە تاڵان
(قانع،١٩٨٩ ، 154)

بۆمب: جۆرە ئامێرێکی چەکە بۆشەڕ

تفەنگ: (چەکێک درێژی سولی لولەدارە گوللەی پێ دەتەقێندرێ)/ ناوێکی سادەیە.

تۆپ: (چەکێکی گەورەی لولە ئەستوری گوللە گەورەیە)/ ناوێکی سادەیە .

- تفەنگی هـێنا سەرپێ
تەقانی و کوشتی لەجێ
ساچمە ئاژین بوو لەدار
کۆتری پێکراو، کەوتەخوار
(قانع،١٩٨٩ ، 388)

تفەنگ: (یەکێکە لە جۆرەکانی چەک) ناوێکی سادەیە.

ساچمە: (گزمولە مزی ورد کە دەیکەنە ناوتفەنگی ڕاو) ناوێکی سادەیە (هەژار، ١٣٧٦،٤٠٦)

- کە تیرت هاویشت بەرەو ڕووی دوژمن
خـۆت بەنیشانەی تـیری بزانە...
(قانع،١٩٨٩ ، 393)

تیر: (ئەو ئامێرەیە کە بە کەوان دەهاوێژرێ) ناوێکی سادەیە.

- دەمانچە لە پـشت، فیشەك لغ لەمل
تەزبیح کارەبـا تۆزێك دەنـگ زل
خەنجەری دەبان، کالان تەواو زیـو
نەخشین کراوە، ئەم دیوو، ئەو دیوو
(قانع،١٩٨٩ ، 261)

دەمانچە: (دەبانچە ئالەتێکە بۆشەر بەکاردێ وەکو تفەنگ)/ ناوێکی سادەیە

خەنجەر: (کێردی درێژی خواری دەسکدار)/ ناوێکی سادەیە ( هەژار، ١٣٧٦، ٢٦٧) .
کالان: (کاڤلان)/ ناوێکی سادەیە.

- دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان
چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەردانان! (گۆران، ١٩٨٠، 118)

خەنجەر: ناوێکی سادەیە

- چەك دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە
تۆ هەر بێری بە،
من هەر شوان،
فریشتەی تاسە و ئاواتم (هێمن، ٢٠٠١، 264)

چەک: (ئامرازی جەنگە و هەر شتێک دەگرێتەوە کە جەنگی پێ بکرێ) ناوێکی سادەیە .

- ڕۆژێك، دەروێش ئەوڕەحمان
ساچمەزەنی کـردە شـان...
کوولەکەی بەســتە کەمەر
بۆڕاو لەوێ هــاتەدەر (قانع، ١٩٨٩، 386)

ساچمە زەن: (ئەو تورەگەیەیە کە ساچمەی تێدا هەڵدەگیرێ و بەشان دادەدرێت) ناوێکی لێکدراوە پێکهاتووە لە ( ساچمە+ زەن ڕەگی چاوگی (زدن)ە).

- شەستیر ڕێک ئەخەن وەک هەوری بەهار
گوللە ئەڕژێنێ لەســەر تا بەخــوار ( قانع، ١٩٧٩، ١٤٣)

شەستیر: (ڕەشاشێکە بە فرۆکە جەنگییەکانەوە وەیە)، ناوێکی لێکدراوە پێکهاتووە لە (شەست + تیر) .
گوللە: (ئامرازێکە کە بەتفەنگ دەهاوێژرێ) ، ناوێکی سادەیە.

- مەڵێن کەڵکی نەبوو، ڕۆیی، جەهەننەم
سـەرم قەڵغانە بۆ تـیری قەضاتان (نالی،١٩٧٦، 318)

قەڵغان: (ئامرازێکی کۆنە کە لە کەوڵە کەرگەدەن یان کانزا بۆ پاراستن لە شمشێر بەدەستەوە دەگیرا) (هەژار،١٣٧٦ ، ٥٨٥) ناوێکی سادەیە.
تیر: (ئەو ئامێرەیە کە بەکەوان دەهاوێژرێ)، ناوێکی سادەیە.

- قەمچی بپێچن لەســەر و گوێمان
بەخوتو خۆڕایی جوێن بدەن پێمان (قانع، ١٩٨٩، 367)

قەمچی: (قامچی، شەلاخ)/ ناوێکی داڕێژراوە پێکهاتووە لە (قەم لە (قامك)هوە هاتووە + چی) (هەژار، ١٣٧٦: ٥٨٨).

- موژەت قوللابییە هەم تیر و هەم شـیر
برۆت میحرابییە هەم تاق و هەم جووت (نالی،١٩٧٦ ، 149)

قوللاب ، تیر، شیر: ناوی سادەن

- سیلاحی پەرچەمی پرخـەم ئەگەر تـارە و ئەگەر مـارە
برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەودا (نالی،١٩٧٦ ، 88)

سیلاح، کەوان ، تیر: هەرسێکیان ناوی سادەن.

- ئەی کوردی جەفا دیدە! بەسە قەیدی ئەسارەت
نادان بە کوتەك حاڵی ئەبێ ، دانا بە ئیشارەت (قانع،١٩٨٩ ، 159)

کوتەک: ( دار دەستی ئەستور/ تێلای سەر ئەستور (هەژار، ١٣٧٦، ٦٢٢) )ناوی ئامێری داڕێژاوە، پێکهاتووە لە (کوت (ڕەگی چاوگی کوتان)ە +پاشگری ەک)

- ئەو گوللەیە تەقانت
بەدڵ مـنا چەقانت (قانع،١٩٨٩، 389)

گوللە: (گولەی تفەنگ)/ ناوێکی سادەیە

- ئەم قەلادزەی بە شەهید مەشهوورە
هەر بە ناپاڵی بەعــس خاپوورە (هێمن، ٢٠٠١ ،260)

ناپاڵم: (جۆرە قومبەلەیەکی گەورەیە، بە فڕۆکە دەهاوێژرێ)/ ناوێکی سادەیە


١-بۆمب


٢ - تانك


٣- تفەنگ (سیلاح)


٤ - تۆپ


٥- تیر


٦- خەنجەر


٧ - دەمانچە


٨ - ساچمە


٩ - ساچمە زەن


١٠ - شەستیر



١١ - شیر


١٢ - قەڵخان


١٣- قەمچی


١٤ - قولاب


١٥ - کالان


١٦ - کەوان


١٧ - کوتەك


١٨ - گوللە


١٩ - نبلام

- ناوی ئامێری مۆسیقا لە شیعری کوردیدا:

- نە بلوێر ژەن دەتوورێنی لە بلوێر

نە شۆڕەژنورینگەی دێ لەبەر بێر (هێمن، ٢٠٠٣، 170)

بلوێر: (ئامێرێکە لەقەمیش درووستدەکرێت و کون کونە و فوی پیادەکرێت و دەنگێکی خۆشی لێ دەردەچێت)/ ناوێکی سادەیە.

- دەروێش تو دینت بەرزۆکە دەفت

بگرە کەمەی دەف، بەهێزی کەفت (قانع، ١٩٨٩، 276)

دەف: (ئامرازێکی مۆزیکە لە چەرمی بەسەر کەمەدا هاتوە)(هەژار،١٣٧٦: 323) ناوێکی سادەیە.

- کاکەی دەهۆڵ کوت، دەهۆڵ لەسەر دڵ

ئەو لەزورناچی، چاکـتر دێتە کـوڵ

بەبێ پێ وتن ســا، تـف لە گۆچان

گرمەی دەهـۆڵی ئەگاتە ئاســمان (قانع، ١٩٨٩ ، 262)

دەهۆڵ: ( تەپڵ)/ ناوێکی سادەیە.

- کوردە وەسفی کوردستانت، خۆشترە تا سەد کیتاب

سیا چەمانە خۆشترە بۆ تۆ هەتا چەنگ و ڕوباب (قانع، ١٩٨٩، ٥٩)

ڕوباب: (ئامێرێکە لەشێوەی کەمان دەچێ لای عەرەب باوە)/ ناوێکی سادەیە.

- زورناچی پیقەی زورنا دەدێــنی

سێ جار لەسەر یەك پـیا ئەپیقێنی

شـمشـاڵێکی زەرد لەتــۆی پشتێنێ

مەرچاك تێ فکری ئەرنا نای بینی (قانع، ١٩٨٩ ، 268)

زورنا: ( لولەیەکی داری کون کونە سەرێکی خڕو واڵە سەرەکەی تری باریکە فوی پێدادەکرێ و دەنگێکی زیقنی لێ پەیدا دەبێ)/ ناوێکی لێکدراوە لە (زڕ + نای) پێکهاتووە و بووەتە (زورنا).

شمشاڵ: (بلوێری کانزا)/ ناوێکی سادەیە.

- دیسان بە نەغمەی زیروبەم، بولــبول دڵی بەدەردوغەم

لە تاوی غونچەی گوڵ بەدەم، ساز و سەمتور وتاری گرت (وەفایی، ١٩٧٨، ٢٥)

زیروبەم: (ناوی دوو ژێی ئامێری عود بووە لەسەردەمی زریاب، ژێی یەکەمی گڕە کە (بەم) هـ ژێی پێنجەمی ناوی (زیر یا زیل)ە کە ژێیێکی ناسکە، ئەوکات عود تەنیا 5 پێنج ژێی هەبووە) (وریا ئەحمەد: 2022)/ ناوێکی لێکدراوە.

ساز: ناوێکی سادەیە.

سەمتور: (ئامێرێکە وەک ئامێری قانونە، بەڵام بەهۆی دوو پارچە ئاسن لێدەدرێت) ناوێکی سادەیە،

تار: ( ئامێرێکە وەك ساز وایە، بەڵام شێوەکەی جیاوازە ) ناوێکی سادەیە،

- دێ لەهەر لایێکی قـاقـای پێکەنینی کـیژ و کــوڕ

دێ لەهەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم (هێمن، ٢٠٠٣، 196)

تەلی عوود و کەمانم پس کونی شمشاڵم

بەسرابوو وەك گرێی دڵ و زمانی لاڵم (گۆران، ١٩٨٠، ٤٣)

عود: (ئامێرێکی مۆسیقایە هاوشیوەی ساز، بەڵام شێوەکەی گەورەتر و جیاوازە)/ ناوێکی سادەیە.

کەمان: ئامێرێکی مۆسیقایە/ ناوێکی سادەیە.

شمشاڵ: بلوێری کانزا، ئامێرێکی مۆسیقایە/ ناوێکی سادەیە.

- لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا

سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو (نالی،١٩٧٦ ، 39)

مۆزیقە/ مۆسیقا ناوی ئامێرە، کە وشەیەکی بیانییە بەدەستکاریەوە وەرگیراوە./ ناوێکی سادەیە.




•ناوی ئامێر و کەل وپەلی ڕۆژانە لە شیعری کوردیدا:

-چای خوست تێک درا بە کەوچکی چێو!

دەرمـان نۆشکرا پیـاڵەی لێوان لێو! (گۆران، ١٩٨٠. ١٤٤)

کەوچک: کەچک، کەفچی/ ناوێکی سادەیە.

پیاڵە: دەفری بچوکی قوڵ ، ئیستیکان/ ناوێکی سادەیە .

- (نالی) مەثەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا

وەك ناڵە لە نـەیدا، وەکو نالە لە قەڵەمدا (نالی، ل 95)

نەی: جۆرە ئالەتێکی مۆسیقایە/ناوی سادەیە.

قەڵەم/ پێنوس، شتێکی درێژی لوتدارە پێی دەنوسرێ ( خاڵ، ٢٠٠٥ ، ٣٤٥)/ ناوێکی سادەیە.

- ئەی قەیس.. ئەی شیلەی جـوانی

ئەتکێیتە نـاو فـنجانی مـەی! (گۆران، ١٩٨٠، ٤٥٠)

فنجان: پیاڵەی چینی/ ناوێکی سادەیە.

- مشتە بۆ دۆم و پینەچی دەرزی

هەم عەلافیش قەپـانی کێشانی

تۆ ئەبینی خەیات، شەش درەمێ

وەک مقەس دابنێ لەسەر رانی ( قانع، ١٩٧٩، ٢٣٢)

دەرزی: ئاسنێکی باریکی نوک تیژە سەرێکی کونێکی تێدایە هەودا (دەزوو)ی پێ هەڵدەکێشرێ ودرومانی پێدەکرێ،(خاڵ، ٢٠٠٥، ١٩٦)، ناوێکی سادەیە.

قەپان: ئامێرێکە وەک تەرازو، بەڵام ئەم شتی قورپی پێ دەکێشرێ/ ناوێکی سادەیە.

مقەس: ئامێرێکە کە پێ دەبردرێ/ ناوێکی سادەیە.

- نووکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمـــال

خەط بە خەط ئیظهاری نەقشی صورەتی (مانی)دەکا (نالی،١٩٧٦ ، 103)

خامە:قەڵەم / ناوێکی سادەیە.

- مس و مەسینەی لە ژەنگا پوواو

دای بێ بۆمن، لەساغ و شـکاو

کیتەڵە و گۆزە، دیزە و دەرخـۆنە

هەمووی بۆ تۆ بێ لە تازە کـۆنە (قانع، ١٩٧٩، ٢٥٥)

مەسینە: ئامێرێکە کە ئاوی تێدەکرێ/ ناوێکی سادەیە.

گۆزە: دەفرێکی گەورەی گلینی دەسکداری سوورەوەکراوە ئاوی تێدەکرێ/ ناوێکی سادەیە.

- گلۆپەکانی سەرجـادە و کــۆڵان

زەرد هەڵگەڕابوون، کزکز ئوسوونان (گۆران، ١٩٨٠، ١٣٥)

گڵۆپ: ئامێری ڕوناککەرەوەیە/ ناوێکی سادەیە .

- بەو دەستە کەوا مەرهەمە بۆ ئەم دڵی خەستە،

بەو پەنجە کە بۆ بابی گوشایش ئەوە میفتاح (نالی،١٩٧٦ ، 165)

میفتاح: (کلیل) لە عەرەبیە وەرگیراوە/ ناوێکی سادەیە.

- دوو سێ قۆریەی ڕەش پشتێن تەنەکە

ئەکوڵاو هەڵ ئەچوو ئەتوت کەشکەکە (گۆڕان، ١٩٨٠، ١٤)

قۆری: کتلی،کتری، چایدان، چاپەست/ ناوێکی سادەیە.

- هۆگری بوو بوو لای هەڵــوەستابوو

مەیمون شاگردبوو دارتاش وەستابوو

کە ئەیوت تەشوێ زوو بـۆی ئەهێنا

شەقەی مـشاری بـۆ دائەهێـنا (پیرەمێرد، ٢٠٠١، ٥٤)

تەشو: ئامێرێکی تیژی دەم لەسەر شانە داری پێ لەت دەکرێ/ ناوێکی سادەیە.

مشار: ئامێرێکی دانداره کە بۆ دار برین بەکاردێ/ ناوێکی سادەیە.

- چ مشت و پەنجە؟ وەکوو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێی

لەشانیدا نەبووە دەسـت و بردی کوشـت و گـیر (نالی،١٩٧٦ ، 211)

شانە: ناوی ئامێرێکە کە دانەدارە سەرو ڕیشی پێ دادەهێنرێ(هەژار،١٣٧٦، ٤٦٦)/ ناوێکی سادەیە.

- مەیمونی غەشیم بوو بەفاقەوە

ئەینالان بەدەم واقـە واقـەوە (پیرەمێرد، ٢٠٠١، ٥٤)

فاق: دارێکە وەک تەڤی گۆچان بە ژێیەک دەبەسترێ بەهەردوو سەریەوە، چەڵەمەیەک دەکرێ بەم سەرو بەوسەری ژێیەکەوە چۆلەکەو ڕیشۆڵەی پێ دەگیرێ (خاڵ. ٢٠٠٥، ٣١٣)/ ناوێکی سادەیە.

- حەوادیث جام و دەوران بوو بەساق

لەبەزمی جامی جەمشیدی نەما باس (نالی،١٩٧٦ ، 232)

جام/ تاس، دەفری قوڵی چکۆڵە لە کانزا ( هەژار، ١٣٧٦ ، ١٨٠) ناوێکی سادەیە.

- کەللە وەك جەڕڕەی شەڕابی پڕ نیشاط و تــەڕ دەماغ

شێری نەڕ ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ (نالی،١٩٧٦ ، 225)


جەڕرە: گۆزەی مل باریک

کلیلی دەرگای خەزنەی مەعنابـووی

چرای مەجلیس و دوڕی یەکتا بووی (قانع،١٩٧٩ ، 279)

کلیل: ئاچەر، شتێ کە قفل بکاتەوە(هەژار،١٣٧٦،٦٢١)/ ناوێکی سادەیە.
چرا: لامپا، روناکی دەر لەتاریکی/ ناوێکی سادەیە.
- پانکەی تەبیعی شنەی سێبەرت
- خاڵی رووی گەردوون، شکۆفەی سەرت (قانع،١٩٧٩، 280)
پانکە: باوەشێنی کارەبایی/ ناوێکی سادەیە.
- پێت خۆشە گیزەی سەماوەر شەوان
گەڕەك، بەگەڕەك بڕوا تا کەیوان (قانع،١٩٧٩ ، 159)
سەماوەر: ئامێرێکی چالێنانە/ ناوێکی سادەیە،
- بە ئەو پەتکەی کە خنکانی براکەم
ئەخنکێنم هەزار ئاغا و خانان (قانع،١٩٧٩، 162)
پەتک: لەتە گوریس. پارچە پەتێکی بادراوی ئەستوورە، ناوێکی داڕژاوە پێکهاتووە لە (پەت+ ک).
- چ خۆشە دەستی ڕەنجبەر ڕای ئەکێشی
لە قەسرا قاسەبی ئاغا بەتالان (قانع،١٩٧٩ ، 162)
قاسە: سندوقی لە پۆلا دروستکراو بۆ پارە تێداهەڵگرتن بەکاردێت/ ناوێکی سادەیە.
- وەرن! کاریگەرانم، هەروەکو شێر
دەری بێنن خەزێنەی لۆردی شاران (قانع،١٩٧٩ ، 162)
خەزێنە: گەنجینە/ ناوێکی سادەیە.
- نە ناره نارەی کیژی مەشکە ژێنە
نە سیرە سیری شمقاڕ و شەهێنە (هێمن،٢٠٠١ ، 170)
مەشکە: پێستەی حەیوانی گۆراو(غاراو) کە ماستی تێدا دەژێنن/ ناوێکی سادەیە.
- کەوا سەوزی لەبەر داماڵدراوە
سیواك و تەیلەسانیشی نەماوە (هێمن،٢٠٠١ ، 171)
سیواک: کورتە دارێکی تایبەتی باریکە سەرەکەی دەکوتن و موسڵمان بۆ خاوێن کردنەوەی دەمیان بەکاریدێنن./ ناوێکی سادەیە.
- تەسبێحی دام و دانەیە، ڕیشی دوو فاقی فاق (نالی،١٩٧٦ ، 250)
- بۆ تۆزی ڕەهت دیدە سەقاوو موژە جاڕووب
تەسبیح: تەزبێح لیزگەی دەستی پیاوان ،( هەژار،١٣٧٦، ١٦٣)ئەم وشەیە لە عەرەبیەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی/ ناوێکی سادەیە.
جاڕووب: گسک/ ناوێکی سادەیە.
- لەکن خانم یەقین نامێنێ نازی
لە کووپەی ببرێ قاورمەی بەرازی (هێمن،٢٠٠١ ، 184)
کووپە: کوپ، دەفری زەلام (هەژار، ١٣٧٦ ، ٦٢٣)/ ناوێکی سادەیە.
- گوڵ بەو جوانییە ئەیخەنە مەنجەڵ
جواناو ئەرێژێ بەهەڵم و دووکەڵ (پیرەمێرد، ٢٠٠١، ٢٦٢)
مەنجەڵ: قازان/ ناوێکی سادەیە.
- خوێندن بەزمانی خۆمان
سووچ و تاوانە بۆمان
چاپخانە و بڵیندگۆمان
بوونە بەردی بن گۆمان (هێمن،٢٠٠١ ، 190)
بڵیند گۆ: موکەبیرە، ناوێکی ئامێری لێکدراوە، کە پێکهاتووە لە( بڵند (ئاوەڵناو) + (گۆ) ڕەگی چاوگی گوتن)ە.


١- بڵندگۆ (بڵێنگۆ)



٢- بانكە


٣- بەنك


٤- پیاڵە


٥- تەسبیح


٦- جام ٧- جامی جەم


٨- جەڕڕە


٩- چرا


١٠- خامە (قەڵەم)


١١- خەزێنە


١٢- دەرزی


١٣- سەماوەر

•ناوی ئامێر و ئامرازی خۆڕازاندنەوە(خشل) لە شیعری کوردیدا:

- هەرئەڵێ بەخوا کراسی سوور نەبێ نایکەمە بەر
ژێرچەناخە و کرمەك و گوارە و كلی چاوی ئەوێ (قانع، ١٩٧٩، 390)

ژێر چەناخە: (ژێرچەناگە)خشل و زەنبەرێ کە بە بەر چەناگەدا دێت. ناوێکی لێکدراوە پێکهاتووە لە (ژێر + چەناخە).

کرمەک: خشڵی ژنانە، ناوێکی دارێژراوە لە ( کرم +ەک) پێکهاتووە.

گوارە: ناوی خشلێکە، کە لە گوێ دەکرێت .

حەڵقە حەڵقە زوڵفی سەر قوبەی هەیاسەی کەوتووە
مەحرەمی سیڕرە ، بەڵێ گەنجووری گەنجە ئەژدەها (نالی،، ١٩٧٦ 130)

هەیاسە: کەمەرەیەکی زێڕین یان زیوینە ژنان دەیبەستنە پشتیان/ ناوێکی سادەیە.

- هەمیشە بەهار لەکەناری چەم
بوو بوە لاگیرە و گوڵی سەرپەرچەم (پیرەمێرد، ٢٠٠١، ١٩٥)

لاگیرە: (لاسەرە) زەنبەرێکە بەلای سەرەوە قایم دەکرێ(هەژار، ١٣٧٦، ٧٥٣)ناوێکی لێکدراوە کە پێکهاتووە لە( لا+ گیر ڕەگی (گرتن)ە+ ە)

- خڵخاڵی قەدەم، وەك خەمی زولفەینی سەراپات،
پشتانی قەدت بێت و فیدای بازنی بازووت (نالی،١٩٧٦ ، 153)

خڵخاڵ: (خرخاڵ) ناوی خشڵێکە کە ئافرەت لە پێیان دەکەن/ ناوێکی سادەیە.

- خەیاڵ دەمباتە جێ ژوانی شەوانی لاوەتی، ئەمما
خرینگەی بازنە و خرخاڵ و بەرمووری ئەوم نایە (هێمن، ٢٠٠٣، ٣٤١)

بازن: جۆرە خشلێکە کە لەدەست دەکرێ/ ناوێکی سادەیە.

خرخاڵ: جۆرە خشڵێکە کە ژنان لەپێیان دەکەن/ ناوێکی سادەیە.

بەرمووری: ملوانکە، گەردن بەند، گەردنلغ/ ناوێکی لێکدراوە (بەر + مووری).

- خڕەی بـــازن بێ!

بەرەو لای مـن بێ!

هاڕەی هەیاسەکەی!

ورشەی کراسـەکەی!... (گۆران، ١٩٨٠، ١٣)


١- بازن


٢- بەرمووری (ملوانکە)


٣- خڵخاڵ


٤- زێڕجەناخە (زێڕجەنگە)


٥- کرمەک


٦- گـوارە


٧- لاگیرە (لاسەرە)

٨- هەیاسە

- ناوی ئامێری کشتوکاڵی لە شیعری کوردیدا:

- قەسەم بەو گازە نەم دیوە بە عومـرم

بە ئەو چەکوشـە، کەنەمدی مەر لە لێدان (قانع ، ١٩٧٩، 149)

چەکوش: تەوری زۆر چکۆڵە بۆ بزمار کوتان وقەند شکاندنە (هەژار،١٣٧٦، ٢١٨) ناوێکی سادەیە.

- قەزای ئەو بـێڵە ، ئەو ئەیدا بە ئەرزا

لە دوو سەد برنەوی دەسکاری ئەڵمان

- قەزای ئەو داسە ئەو ساوی کەتیژ بێ

لە سێ سەد خەنجەر و شمشێری زۆر جوان (قانع، ١٩٧٩، 152)

بێڵ: (خاکەناس) ئەو ئامێرەیە کە زەوی پێ دەکێلرێ/ ناوێکی سادەیە.

داس: ئاسنێکی کلکداریی دەم کەوانەییە دروێنەی پێ دەکرێ/ ناوێکی سادەیە.

- زەوی و زار بە بەری ڕەنجی تراکتۆر

عەمارمان پڕئەکات لە گەنـمی زۆر.. (گۆران، ١٩٨٠، ٢٦١)

تراکتۆر: ئامێرێکە بۆ کێلانی زەوی و کاروباری کشتوکاڵی بەکاردەهێندریت/ ناوێکی سادەیە.

- بە هێلەک ئارد ئەبێژن

شتێکی لـێ ئەڕێژن (گۆران، ١٩٨٠، ٥٣٢)

هێلەک: ئامرازی ئارد دابێژتن/ ناوێکی داڕێژراو کە پێکهاتووە لە(هێڵ +ەک).




**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتوین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-ناوی ئامێر:یەکێکە لەو جۆرە ناوانەی کە بە ناوی ماددی ناودەبرێن، چونکە ئەوناوانە دەگرێتەوە کە بۆ یەکێک لەو ئامێر و ئامراز وکەلوپەلانەی مرۆڤ لەکاری رۆژانەی دا بەکاریان دەهێنێت یان بەکاردێن

-ناوی ئامێر وەکو ناوێکی ئاسایی کۆدەکرێتەوە و نیشانەی (ان)ی کۆ وەردەگرێت، هەروەها نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێ.

-ناوی ئامێر لە روی رۆنانەوە سادە و دارێژراو و لێکدراوی هەیە.

- هەندێ ناوی ئامێر لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون کە دەکرێنە دوو جۆر ا- ئەو ناوە ئامێرانەی کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون بە بێ دەستکاری. ب- ئەو ناوە ئامێرانەی کەلە بێگانەوە وەرگیراون بەدەستکارییەوە.

- ناوی ئامێر لەرووی ناوەرۆک وبەکارهێنانەوە دەکرێن بەم بەشانەوە( ناوی ئامێری مۆسیقا، خشل. چەک ، کشتوکاڵ ، کەل وپەلی ماڵەوە، ...).

**سەرچاوەکان**


-پیرەمێرد،٢٠٠١، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم،بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

-خاڵ،شێخ محەمەد.٢٠٠٥،فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

-شوانی، رەفیق محەمەد،٢٠٠٨، ئەو وشانەی لەچاوگەوە وەردەگیرێن،چاپخانەی خانی، دهۆک.

-الشماع، شذى معيوف يونس: 2005، الالة و الاداة في القران الكريم (معجم ودراسة)، رسالة ماجستير، قسم اللغة العربية، كلية التربية، جامعة الموصل.

عمايرة، حنان إسماعيل، 2001، اسم الالة دراسةصرفيةمعجمية، رسالة الماجستير، كليه الدراسات العليا، الجامعة الاردنية.

-قانع، ١٩٧٩، دیوانی قانع، برهان قانع کۆی کردۆتەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

-گۆران، ١٩٨٠، سەرجەمی دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

-مارف، ئەورەحمانی حاجی. ١٩٧٩، (ناو) رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.

-مارف، ئەورەحمانی حاجی. ٢٠١٤، رێزمانی کوردی، بەشی پێنجەم ،کردار، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.

-نالی. ١٩٧٦، دیوانی نالی ،لێکدانەوەی مەلا عەبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

-هەژار، ١٣٧٦، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی – فارسی،تهران.

-هێمن. ٢٠٠٣، دیوانی مامۆستا هێمنی موکریانی، هەولێر.

وەفایی، ١٩٧٨، دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

-Etymonline -Online Etymology Dictionary, www.etymonline.com.https://www.etymonline.com/

**أ.م.د. عاطف عبدالله فرهادي**
**جامعه صلاح الدين، كلية اللغات، قسم اللغة الكوردية**

**المستخلص:**

يُشكِّل الاسم في اللّغة الكوردية كسائر اللّغات جزءاً مهمّاً من أجزاء الكلام، ويمكن تقسيمُ الاسم إلى أنماطٍ وأنواع متعدِّدة، باعتباراتٍ مختلفة؛ وذلك على الوجه الآتي: الاسم من حيث المضمون، ومن حيث الوجود، ومن حيث التّأليف، (التّكوين)، ومن حيث الجنس، وغيرها، وما يهمُّ الباحِثَ في هذا البحثِ؛ دراسةُ (اسم الآلةِ)؛ وهو اسمُ مادّةٍ يُطلَق على تلك الأداة الّتي يستعملها الإنسانُ في شؤونه اليوميّة، وقد ميَّز بعض الكُتّاب بين (الآلة) و(الأداة)، إذ أطلقُوا اسمَ (الأداة) على الأشياء الّتي تؤلِّف جزءاً من آلةٍ معيّنة، وأطلقُوا اسم (الآلة) على الأشياء الّتي تتألّف من مجموعةٍ من الأدوات. والآلةُ هي ما يستخدمها الإنسانُ في مجالٍ معيَّن؛ مثل: (الهاتف النقّال)؛ وهو اسمُ آلةٍ تُستخدم للاتِّصال، وهذه الآلةُ بدورِها تتكوّن من مجموعةٍ من الأدواتِ المختلفة؛ كـ(الشّاشة، والسّماعة، والبطاريّة، وغيرها).

ونحن في هذا البحثِ الموسُوم بـ(اسم الآلة في الشِّعر الكوردي)؛ استعملنا (الأداة والآلة) تحت مُسمًّى واحد؛ وهو (الآلة)؛ لأنّه حينما تُطلَق كلمة (آلة)؛ فهي بدورها تشملُ (الأدوات) الّتي تتألّف منها (الآلةُ). هذا، وقد عُني البحثُ - في هذه الدراسة - ببيانِ (اسم الآلة وأنواعها)، كما تناولَ بعضَ الآلاتِ كما هي بأسمائِها المعرُوفة، فضلاً عن ذكرِ أسماءِ تلك الآلاتِ الّتي دخلت - بتصرُّف - إلى اللّغة الكوردية من اللّغاتِ الأجنبيّة. وقد سلّطنا الضّوء - بصورةٍ عامّة - على اسم الآلة عند الشُّعراء الكورد؛ وخصوصاً الشُّعراء الّذين عاشوا في نهاية القرن التّاسع عشر، وبداية القرن العشرين، وأخذنا نماذجَ - لا بأس بها - من أشعارِهم؛ كأمثلةٍ تطبيقيّة على ذلك؛ ومن هؤلاءِ الشُّعراء: (نالی، وەفایی، قانع، پیرەمێرد، گۆران، هێمن).

الكلمات المفتاحية: الاسم، اسم الآلة، الشِّعر، السِّلاح، المُوسيقى، الحُلي، الزِّراعة.

Assistant Professor Dr. Atif Abdullah Farhadi
Salahaddin University, College of Languages, Kurdish Department.

**Abstract**

Noun in Kurdish language, just like all the other languages, one of the significant word classes, that based on ways and aspects, it can be divided into many types, including: content, possession, formation, gender …etc. This research attempts to examine (equipment name), which is an abstract name for those equipment and devices daily used by humans. The names of (device) and (equipment) have been kept different by some researchers, this is because device is named to each of these components and elements that make up an equipment, while equipment is named to those objects made up of a group of devices and used by humans in a specific field. For example, (mobile) is the name of an equipment used for communication made up from many various devices like screen, speaker, battery…etc.

This work is entitled (Equipment Name in Kurdish Poetry) in which both devices and equipment have been put together under equipment name, because when equipment is used and said, it also means and refers to its constituting devices. This research discusses equipment name, types and some those equipment names have been borrowed from foreign languages to Kurdish as they are or modified and edited. The work also highlights the equipment names used by the Kurdish poets, particularly the poets of the late 19th, the early and middle of the 20th centuries. The examples are taken from several poets, namely (Nali, Wafayee, Qanih, Piramerd, Goran and Hemin).

Keywords: noun, equipment name, poetry, gun, music, jewelry and agriculture.